# لە گۆڕەپانێکی بێ سواردا (*)

حەمەسەعید حەسەن

لەمێژە زەنگی دەرگام خامۆشە،
لەمێژە زەنگی تەلەفۆنەکەم بێ زایەڵەیە،
هاکا بەزەبری دەردی تەنیایی
زەنگی دڵیشم لە لێدان سرەوت.(١)

*

ئەگەر لە بیرتان مابێت، کۆتایی ساڵی ١٩٨٦ لە تاران، سەروەختی کۆنگرەی سەرخستنی گەلی عێراق، ینک و پدک لە ژێر گوشاری ڕژێمی ئێراندا، پێک هاتنەوە و دواتر بەرەی کوردستانییان پێکەوە نا. ئەو دوو لایەنە چونکە وا ڕاهاتوون، لەسەر خواستی داگیرکەران هێز و تواناکانیان یەک بخەن، پێ دەچێت بۆ یەکخستنەوەی دوو ئیدارەکەشیان، چاوەڕێی گوشاری ڕاستەقینەی ئەمریکا بن؛ ئاخر هەنووکە ئەمریکا داگیرکەرێکی ئێسکسووکی کوردستانە و کوردیش فێر نییە، بێ فەرمانی داگیرکەر، هەنگاوی گرنگ بهاوێت.

بە سەرکەوتنی ئەمریکا بەسەر بەعسدا، سەنگی کورد قورستر و هی داگیرکەرانی کوردستان سووکتر بوو. تورکیا چونکە هیچ بەشدارییەکی لە (ئازادکردنی) عێراقدا نەکرد، ئیدی هەرگیز ئەمریکا ئەو گرنگییەی جارانی پێ نادات، ئەمە جگە لەوەی عێراقی داهاتوو، دەبێتە دۆستێکی جێی متمانەی ئەمریکا و ئیدی ئەو زلهێزە بێ وێنەیە، بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی لەو ناوچە گرنگەدا، ئەو پێویستییەی جارانی بە تورکیا نامێنێت.

ئێران و سووریاش هەنووکە لە ترسی ئەوەی نەک دوای عێراق، سەرەی (ئازادکردن)یان بێت، بە بەراورد لەگەڵ پێش ٩ی ئەپریلدا، گەلێک سەلار و بێوەین. کەواتە کورد پێشتر، نە داگیرکەرانی هێندە لاواز بوون و نە هەلی زێڕینی واشی بۆ هەڵکەوتووە، بۆیە وەختێتی جاڕی سەربەخۆیی باشووری کوردستان بدرێت؛ وەلێ چونکە سەرانی کورد، بە گوشاری داگیرکەران نەبێت، هەنگاوی گرنگ ناهاوێژن، پێ دەچێت چاوەڕێی ئەوە بن، داگیرکەران ڕۆژی جاڕدانی سەربەخۆیی کوردستانیان بۆ دەستنیشان بکەن! ئاخر هەلومەرجەکە ناسکە و داگیرکەرانی بەشەکانی دیکەی کوردستان باشتر دەزانن، چ وەختێک بۆ جاڕدانی سەربەخۆیی ئەو بەشەی کوردستان کە لە بن دەستیشیاندا نییە، لەبارە!

*

قورئان گرنگترین سەرچاوەی زمانی عەرەبییە، کورد (قورئان)ی نییە، بیکات بە پێوانە بۆ زمانەکەی، (گۆران)ی هەیە. مامۆستا گۆران، چونکە ئەو شاعیرە زمانپاراوەیە کە فێری زمانی خاوێنی کوردیی کردووین، پێویستە بەوپەڕی ڕێزەوە سەرنجی شیعرە باڵاکانی بدەین و جۆری مامەڵەکردنمان لەگەڵ

دیوانەکەیدا، وەک مامەڵەکردنی عەرەب بێت لەتەک قورئاندا.

(لە سەرەمەرگی هیوادا،) یەکێکە لە دەقە پیرۆزەکانی شیعری گۆران، بەهرۆزی تەوەکولی کە ئەو شیعرە باڵایەی کردووە بە بناغەی گوتنەوەی بەستەی (ئەی وەی زارا)ی حەسەن زیرەکی نەمر، هاوزەمان سووکایەتی بە ئەدەب و هونەری کوردی کردووە، هاوزەمان سووک سەرنجی شیعری گۆران و گۆرانیی حەسەنی زیرەکی داوە.

ڕۆڵەی تاقانەم هیوای ژیانم

ئەی وەی زارا گیان، دیدەم زارا

ئەستێرەگەشەی بەری بەیانم

ئەی وەی زارا گیان، دیدەم زارا

هیوا ڕۆڵە ڕۆ، کۆرپەم ڕۆڵە ڕۆ

ئەی وەی زارا گیان، دیدەم زارا

ئەو کوڵمە ئاڵ و نەرمونۆڵە ڕۆ

ئەی وەی زارا گیان، دیدەم زارا

گۆران خوڕخوڕ دەگری و (شین) بۆ (هیوا)ی کوڕی دەگێڕێت؛ بەهرۆزیش سەرقاڵی (شایی)یە و بەستە بۆ (زارا)ی یاری دەچڕێت! من دژی ئەوە بووم کە لە لوبنان مارسیل خەلیفە بە (تاوان)ی ئەوەی شیعرێکی لەژێر کاریگەرێتی قورئاندا نووسراوی مەحموود دەرویشی بە گۆرانی گوتبوو، بە دادگا درا، وەلێ لەگەڵ ئەوەدام، تەوەکولی بە تاوانی سووکایەتی بە هەستی گۆران و بەستەی حەسەن زیرەک کردن، دادگایی بکرێت.

*

(نە لە ئەزڤێستادا، پراڤدا هەیە و نە لە پراڤدادا، ئەزڤێستا.)(٢) نە لە (کوردستانی نوێ)دا، تاڵە (نوور)ێک دەخرێتە سەر (خەبات)ی کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان و نە لە (خەبات)دا باسێک لە کوردستانێکی نوێ هەیە. لە (کوردستانی نوێ) و (خەبات)دا، (نوور) تەنیا لەسەر (برایەتی) کورد و عەرەبی (عێراق)ە. (٣)

2003. 05. 29

<*> لە پێناوی زیندووکردنەوەی کولتووری مردارەوەبووی خێڵدا، ئەو سەردێرە دێرینەم هەڵبژاردووە.

(١) بە دەستکارییەوە، لە شیعرێکی (وسف سائیغ)ەوە وەرگیراوە، کە بیست ساڵ بەر لە ئێستا خوێندوومەتەوە.

(٢) ئەزڤێستا: هەواڵ. پراڤدا: ڕاستی.

(٣) کوردستانی نوێ، خەبات، برایەتی، نوور (النور) و عێراق، کۆمەڵێ ڕۆژنامەی تازە و دێرین.